# كاریگەری گرژییەكانی نێوان ئەمەریكا - ئێران - توركیا لەسەر كێشەی ناگۆرنی قەرەباخ

د. صیاح عزام

نووسەر و رۆژنامەنووسی سووریی

FOCUS

هەرێمی كێشەلەسەری ناگۆرنی قەرەباخ، بە زمانی روسی بە «باخی رەش» ناونراوە، لەلایەن ئەرمەنییەكانیشەوە ناوی (ئارتساخ)ی لێنراوە، كە بە زمانی ئەرمەنی مانای «دارستانی خواوەند» یان «خواوەندی خۆر» دەگەیەنێت. ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەكە (145000) كەسە و رێژەی (90%)یان ئەرمەنین، هەرچەندە لە رووی سەرچاوەی ئابورییەوە هەرێمێكی هەژارە، بەڵام پێگەیەكی ستراتیژی گرنگی هەیە و لە ساڵی 1988ەوە بووەتە جێی ململانێیەكی بەهێز لە نێوان كۆماری ئەرمینیا و كۆماری ئازەربایجان كاتێك دانیشتوانی هەرێمەكە رازیبوون بچنە ژێر دەسەڵاتی ئەرمینیا.

ئازەربایجان هەرێمی قەرەباخ بە بەشێکی جیانەبۆوە لە خاکەکەی دەداتە قەڵەم، بەڵام کۆماری ئەرمینیا پێیوایە دانیشتوانی هەرێمەکە مافی خۆیانە بڕیار لە چارەنوسی خۆیان بدەن بەو پاساوەی کە زۆرینەی رەهای دانیشتوانەکەی ئەرمەنی نەژادن، بەو هۆیەشەوە ئەرمینیا لە شەڕی دوو ساڵەی نێوان 1992 – 1994 پشتیوانی و هاوکاری زۆری کردن تاکو توانیيان قەوارەیەکی سیاسی تایبەت بە خۆیان و دوور لە دەسەڵاتی ئازەربایجان دروستبکەن. بە گوێرەی ئەرمەنییەکان سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان دەستی هەیە لە دووبارە هەڵگیرسانەوەی ئاگری شەڕ لەسەر ناگۆرنی قەرەباخ، بە تایبەتی لە دوای هەڵدانەوەی لاپەڕەی ناکۆکییەکانی 22 ساڵ، کە بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی بەرپاکردنەوەی شەڕ لە باکوری قەفقاز، ئەوەش بەو هیوایەی ئەردۆگان بتوانێت چاوپۆشینی روسیای فیدرالی لە یەریڤان یان کریما یان لە سوریا بەدەست بێنێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی روسیا توانی رۆڵ و کاریگەری تورکیا لە ناوچەکەدا لەقاڵب بدات.

لەبەر ئـەوەی ململانێکە لە ناوجەرگەی ناوچەی گەرمی قەفقازدایە و لە کێڵگەکانی نەوتی دەریـای قەزوین نزیکە، دەبینین بەرژەوەندییە هەرێمییەکان بەناویەکدا چـوون و زیاتر ئاڵۆز و پرمەترسی بوون، تا ئەو ئەندازەیەی کە ئاراستەی کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی لە نێوان روسیا، ئێران، تورکیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی ئـەوروپـادا وەرگـرتـووە، ئەمە سـەرەڕای ئەو میراتە گەورەیەی دوژمنایەتی مێژوویی کەڵەکەبووی نێوان ئازەری و ئەرمەنییەکان لەلایەك، هەروەها لە نێوان تورکیا و ئەرمەنییەکان بەهۆی تاوانی بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنییەکان لەلایەن دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانییەوە لە ساڵی 1913 لە لایەکی تـرەوە. کەواتە ململانێی ناگۆرنی قەرەباخ، ململانێیەکی ئێتنیە و لە کێشە و ناکۆکییەکانی رابردوو سەرچاوەی گرتووە، ئێستاش ململانێی هەرێمی بەرفراوان و دەستێوەردانی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێناوە.

ئەردۆگان بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانی کۆماری ئازەربایجان دەکات لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی تورکیا، دوای ئەوەی لەلایەن روسیاوە رۆڵی سیاسی و سەربازی و ئەمنی لە

**روسیا و ئەمەریکا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا داوایان لە هەردوولا کرد دان بەخۆیاندا بگرن و شەڕ رابگرن و کێشە و ناکۆکییەکانیان بە رێگەی ئاشتی و دانوستان چارەسەر بکەن، نەبادا ئەو گرژی و ئاڵۆزییە سەربازییە بگۆڕێت بۆ شەڕێکی گەورە لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان،**

ناوچەکەدا سنوردار و لەقاڵبدراوە. لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان هێزەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجان لە 2ی نیسانی 2016دا، رەجەب تەیب ئەردۆگان رایگەیاند کە تورکیا تا کۆتایی پشتیوانی و هاوکاری ئازەربایجان دەکات و لە لێدوانێکدا وتی: «نوێژ دەکەین لەپێناو سەرکەوتنی برا ئازەرییەکانمان لەم شەڕەدا».

روسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا داوایان لە هەردوولا کرد دان بەخۆیاندا بگرن و شەڕ رابگرن و کێشە و ناکۆکییەکانیان بە رێگەی ئاشتی و دانوستان چارەسەر بکەن، نەبادا ئەو گرژی و ئاڵۆزییە سەربازییە بگۆڕێت بۆ شەڕێکی گەورە لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی تێوەگلانی دەوڵەتانی هەرێمی

و دراوسێ و دۆخەکە زیاتر دەتەقێتەوە. لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکاری و نائارامیەی بەهۆی کێشەی ناگۆرنی قەرەباخەوە لە ناوچەی باشوری قەفقاز سەریهەڵداوە راستیەك روونەبێتەوە، ئەوەیە کە شەڕی نێوان ئەرمینیا – ئازەربایجان بە جۆرێك لە جۆرەکان شەڕێکی هەرێمیە بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێت، بەڵکو شەڕێکی چاوەڕوانکراوە و کێ بیهەوێت زیاتر بەنزینی پێدا دەکات و گەرمتری دەکات، بەو شێوازەی کە ئەردۆگان دەیکات، یان بە دیوێکی تردا کاردەکرێت بۆ کوژاندنەوەی ئاگری ئەو شەڕە لە ترسی تەشەنەکردن و فراوانبوونی، وەك ئەوەی ئێستا روسیا بە سەرۆکایەتی (فلادیمێر پۆتین) ئەنجامیدەدات.

ئاشکرایە کە ئاڵۆزکردنی بارودۆخی ناوچەی قەفقاز لەم کاتەدا کە گۆڕانکاری بەرچاو لە باڵانسی هێزە نێودەوڵەتییەکاندا لە بەرژەوەندی جەمسەری روسیا – چین و هاوپەیمانەکانیان لەئارادایە، هەوڵدانێکە بۆ هەڕەشەکردن لە روانگەی ژیاری روسیا لە ناوچەی بەرفراوانی قەفقاز، لە کاتێکدا کە مۆسکۆ لە هەوڵ و تەقەللاکانی بەردەوامە بەرەو جێگیرکردنی ڕێگەچارە سیاسییەکان لە زیاتر لە شوێن و ناوچەیەکی جیهان، ئەمەش ئامانجێکی ئەمەریکا-خۆرئاوایە لە رێگەی هەوڵێکی ئەمەریکیەوە بۆ راکێشانی روسیا بۆ ناو گەمەکە، ئەوەش لە رێگەی پێداگریکردن لەسەر ئەگەری پچڕینی پەیوەندییەکانی نێوان روسیا و ئازەربایجان، کە بە دڵنیاییەوە رۆڵی روسیا لە باشوری قەفقاز زۆر لاواز دەکات، بەڵام مۆسکۆ زۆر ئاگاداری ئەو بابەتەیە و دڵنیایی داوە دەربارەی گرنگی یەکلاییکردنەوەی سیاسیانەی ناکۆکییەکانی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر ناگۆرنی قەرەباخ.

کۆماری ئازەربایجان هەر لە سەرەتای سەربەخۆییەوە سیاسەتی نزیکبوونەوە و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پیادە کرد، بەڵام ئەو پەیوەندییانە لەم ماوەیەی دواییدا چەندین هەڵکشان و داکشانی لە نێوان واشنتۆن-باکۆ بەخۆیەوە بینی، چونکە بوونی بەهێزی لۆبی ئەرمەنی لەناو کۆنگرێسی ئەمەریکا وایکردووە پەیوەندییەکانی نێوانیان ئاڵۆز ببێت، بەڵام ئەو ئاڵۆزبوونە وا ناکات ئەمەریکییەکان بیریان بچێت کە دەتوانن سودی زۆر لە ئازەربایجان وەربگرن بۆ فشارخستنە سەر روسیا و ئێران، کە پێکەوە پشتیوانی ئەرمینیا دەکەن، ئازەربایجانیش دەیەوێت کەڵك لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا وەربگرێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ناگۆرنی قەرەباخ. لە راستیدا ئەمەریکا بە دوای بەهێزکردنی ئازەربایجانەوە نییە لە رووی سیاسی و ئابورییەوە، هەروەك بە جددی پشتیوانی چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخ ناکات، بەڵکو دەیەوێت حکومەتێکی لاواز بگەیەنێتە دەسەڵات لە باکۆ تاوەکو کەڵك لە پێگەی ستراتیژی ئازەربایجان وەربگرێت لە دژی روسیا و ئێران. ئەمەریکا بابەتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی لە ئازەربایجان وروژاند کاتێك دەسەڵاتدارانی باکۆ خەدیجە ئیسماعیل ئاوا، پەیامنێری رادیۆی (ئەمەریکای ئازاد)یان لە باکۆ دەستگیر کرد، بەو هۆیەشەوە قۆناغێکی نوێ لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئازەربایجان دەستپێکرد.

سەرەڕای تێکچوونی پەیوەندییەکانی باکۆ لەگەڵ ئەمەریکا، بەرپرسانی ئازەربایجان سیاسەتی دوورکەوتنەوە لە ئێران پەیڕەودەکەن، چونکە لەوە دەترسن دەوڵەتەکەیان لەناو دەریای وزە و توانا سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و هەرێمییەکانی ئێراندا بتوێتەوە، لەبەرئەوەشە ئێستا ئەمەریکییەکان هەوڵدەدەن بنکەیەکی سەربازی لە ئازەربایجان دابمەزرێنن بە مەبەستی هەڕەشەکردن لە ئێران و کۆنترۆڵکردنی دەریای قەزوین، لە لایەکی تریشەوە ئەمەریکا پارەیەکی زۆری لەسەر کەناڵەکانی راگەیاندنی ئازەربایجان خەرجکردووە کە بەرنامەکانی دژ بە ئێران پەخشدەکەن بە مەبەستی هاندانی رای گشتی ئازەربایجان لە دژی ئێران. ئەمەریکییەکان پارەیەکی زۆریان لە بواری دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی و وەبەرهێنان لە ئازەربایجان تەرخانکردووە، دەشیانەوێت سامانی نەوتی دەریای قەزوین کۆنترۆڵ بکەن لە بری ئەو سامانە نەوتیەی لە کەنداو هەیە، بۆیە فشاری زۆریان خستە سەر لێپرسراوانی حکومەتی ئازەربایجان بۆ کۆتاییهێنان بە هاوکاریکردنیان لەگەڵ ئێران لە بواری دەرهێنانی نەوت و گازدا.

ئازەربایجان بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵیداوە ئەوە لە دەوڵەتانی خۆرئاوا بگەیەنێت، کە دوور لە ئێران دەوەستێت و لە پێناوی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و خۆرئاوا دژایەتی دەکات، بۆیە حکومەتی باکۆ زەمینەی خۆشکرد

لەبەردەم دەستێوەردان و بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئەمەریکا لە ناوچەی قەفقاز بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی پێگەی ئێران لەو ناوچەیەدا، ئێستاش ئێران دەتوانێت سود لەو گرژییانە وەربگرێت کە لە نێوان باکۆ-واشنتۆندا هەیە بۆ ئەوەی پێگە و دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری لە دراوسێی باکوری (واتە ئازەربایجان) لە دژی قەڵەمڕەوی ئەمەریکا و خۆرئاوا فراوانتر بکات. لە پێناو نیگەرانکردنی ئێران، ئازەربایجان بە ئاشکرا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بەهێز کردووە، ئەوەش پێگە و رۆڵی ئیسرائیلی لەناو خاکی ئازەربایجان بەهێزکردووە، بەڵکو ئەوە بووەتە یەکێك لە هۆکارەکانی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان تاران-باکۆ، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە ماشێنی دیپلۆماسیەتی ئێران لە ئێستادا دەتوانێت کەڵك لەو ئاڵۆزییانە وەربگرێت کە لە نێوان واشنتۆن و باکۆ دروستبووە بۆ ئەوەی دانوستانی ئەرێنی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان بکات بۆئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ باکۆ ئاسایی بکاتەوە و پێگە و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو وڵاتەدا لە بەرژەوەندی خۆی و گەلی موسوڵمانی ئازەریدا قایمتر بکات.

**سەرچاوە:**

http://www.an-nour.com

http://alwaght.com/ar/News/17949